www.kurdistannet.org
7-10-2006 7:24بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# بەرژەوەندیە کوردیەکان یان بەرژەوەندیە عێراقی و عەرەبییەکان ... هەورامان علی تۆفیق

ئەڵمانیا

لەسەر گۆڕەپانی سیاسی ئەمڕۆی عێراق و کوردستان و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خۆیی لە گێژاوی کۆمەڵە بەرژەوەندیەکی تایبەتی و ناوچەیی و نێودەولەَتی دەبینێتەوە، کەواتە مەلەکردن و خۆگەیاندەنە کەناری ئارامی و بەدەست هێنانی بڕێکی باش لەوبەرژەوەندیە گشتیانە، بەبێ ئەوەیی بەرژەوەندیە تایبەتیەکان لەبەرچاوبگیرێن، چونکە بەپێ ی ئەو ڕاگەیاندن و دەرەنجامی کارانەی کوردستان و کاروباری ئیداری باس لەسەر فەسادی ئیداری و بەئەنجام نەگەیاندنی کارە سەرەکی و خزمەتگوزاریەکان دەکرێت، هەرچەند ئەو بەرژەوەندیانەی ئێمە باسیان لەسەردەکەین زۆر لەوانە گەورەترن و لەپێش تریشن بۆ نمونە ئاستی سیاسی کورد و جێگای لە مەڵبەندی بڕیاردان لەسەر ئاستی عێراق و چەسپاندنی مافەکانی کورد لە دەستوری عێراقی و گەڕانەوەی ئەو ناوچانەی لە هەرێمی کوردستان دابڕاون و پتەو کردنی برایەتی کورد و ڕێگەنەدان بە خۆفرۆشان و ئەوانەی بەناوی جۆراو جۆرەوە و لەژێر پەردەی ئاینەوە گورزی ژەهراوی دەهاون، لەگەڵ چەسپاندنی یاسا دەستوریە کوردستانیەکان و هەوڵدان بۆ باش کردنی باری گوزەرانی خەڵکی و ڕزگار کردنی گەنجی کورد لەو مەینەتی نەهامەتیەی کەتێیدایە و ماوەیەکی زۆرە بەڵێن و خاوەنی زۆریان بۆ دروست دەبێت کەس بەکردەوە ناینوێنێ، بەهەرحاڵ ئەمانە کەمێك لەو بەرژەوەندی و خواستانە بوون کە کەسایەتی کورد لەسەرکردەو لایەنە سیاسیەکوردیەکان چاوەڕوانی دەکات و بەهیوایە ڕۆژێك هەمویان بەکوێرای چاوی عەرەبەشۆڤێنیەکان بەدیبێن.

کورد وەك نەتەوەیەك لە دێرزەمانەوە لەبچوك ترین مافی یاسای و تایبەتی و مرۆیی و ئاسایی خۆیی بێبەشە و لەم گێژاوەدا مەلەدەکات و هێچ کات نەی توانیوە بگاتە کەناری ئارامی و خواستەکانی بەدەسبێنێت، ، هەندێ جار بەدەستی خۆیی هەلە مێژوییەکانی لەدەست داوە و دووبەرەکی و خۆپەرستی و بەرنەدانی کورسی وبەرژەوەندیە تایبەتی و حزبی یە تەسکەکان و زۆر خەسڵەتی دی هۆکاربوون لەوەی کە کورد بەهیواو ئاواتەکانی نەگات، لە زۆر بەی کاتەکانی دی ڕۆژگارو ڕێککەوتنە نێونەتەوەیی و بەرژەوەندیە ناوچەییەکان و دژایەتی سەختی تورك و فارس و عەرب بەرامبەر بەکێشەی کورد. خۆئەگەر کۆی سەرجەمی ئەو بەرنامە ڕێژیەی کە شۆڕشەکانی کورد و کەسایەتی کورد هەولێی بۆداوە و قوربانیەکان لە شەهیدان و ئاوارەبوون و سەرگەردانی و ئەوانەی ئەنفال و کیمیاباران و ڕاگوێزان و سەرگەردانی و زیندانیەکان و ئەشکەنجەدان و زیندەبەچاڵ کردن و دەست درێژی کردنە سەر ئافرەت و فرۆشتنیان بەولاتانی دی و بەهەزارەها کاری نامرۆیانەی کە سەرکردە شۆڤێنیە عەرەبەکان بەرامبەر نەتەوەی کورد بەئەنجامیان گەیاندوە، کەسایەتی عەرەب و نەتەوایەتی عەرەب لەدێرزەمانەوە دوژمنی سەرەکی کوردن و تەنها کورد بۆ خۆیی یەك لایەنە دروشمی برایەتی کورد و عەرەبی بەرز کردۆتەوە و عەرەب بڕوایی بەو دروشمە نیە و بەرزیشی ناکاتەوە ئەگەر لەناچاریدا نەبێت. خۆ ئەگەر سەیری (فتوحاتی ئیسلام) بکەین و بەتایبەت لە ناوچەکانی ئێمەدا وەك کورد لەگەڵ ئەوەی ئاینی ئیسلام بڵاوکرایەوە بەڵام داپڵۆسین و دژایەتی و ماڵ کاولی کردن بوو بۆ کورد، لەبەر ئەوە ئێمەی کورد داب و نەریت و ڕەسەنایەتی و کولتور مێژوشمان لەم دینەدا توایەوە و ساڵ لەدوای ساڵ داب و نەریتی عەرەبی و کولتور و زۆرشتی ترمان بەشێوەیەك تێکەڵ بوون سەرچاوەکانیان بۆمان نادۆزرێتەوە و زۆر کاتیش چەواشەمان دەکەن و زۆر داستان و ئازایەتی و بەچەرگی خەیاڵاویمان بۆ دروست دەکەن کە ئێمەی کورد خەونیان پێوە دەبینین لە وانە کاوەی ئاسنگەر لای ئێمەی کورد داستانێکی قارەمانیەتی کوردیە بەڵام با لای فارسەکان ئەوباسە بکەین یان بائەوان بۆمان باس بکەن

بزانن چۆنی باس دەکەن و ئێمەی کورد لە داستانانە بێبەری دەکەن و ڕنگە ئەوانیش ڕاست بن نەك ئێمە، ، لەلایەکی دی لەبەری عەرەبی سەلاحەدینی ئەیوبی بەناو کورد کە تاکە عەرەبێك نیە دان بەوەدابنێ کە ئەم کابرایە کوردە، ، چ بەڵکەیەکی کرداری دەسەلمێنێ کە کوردە کەی بەرژەوەندیەکانی کوردی پاراستووە کە بەکوردی قسەی کردووە کەی لەجێگایەك نووسینێك ووشەیەك بەکوردی. ئێمەی کوردیش بەهەموو بڕوایەکمانە دەمانەوێ ئاڵای پیرۆزی کوردستان ئاڵای قازی و بارزانی داگرین و ئاڵای سەلاحەدین هەڵکەین ئەمە کەی بڕوای هەقە ئێمەی کورد لەپاداشتی شەهیدان و قوربانیەکانی ئەنفال و کیمیاباران بەم چۆرە هەڵانەدا تێپەڕین... نزیك ترین بەڵەکە لەپێش چاومانە داگرتنی ئاڵای عێراقی عەرەبی و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان بە بڕیاری سەرۆکی کوردستان بەهێزترین و باشترین بڕیارو وەڵام بوو بۆ عەرەبە شۆڤێنیەکان و بزانن کە ئەم بڕیارە سەرجەمی کورد بەوانەی لەگەڵ بارزانی دانوو ئەوانەی کە پێچەوانەی بڕواکانی ئەون بەڵام لەو بڕیارەیدا هەموو پێکەوە دەست خۆشیان لێکرد و هەموو ئامادەیی خۆیان دەربڕی ئامادەن بۆ پاراستنی ئەو ئاڵایە لەپشتیەوە بوەستن، ، ئەمە هەستی نەتەوایەتی و کوردایەتی یە نەك بەرز کردنەوەی ئاڵای سەلاحەدین....

بەرژەوەندیە کوردیەکان لە دروست بوونی عێراقی فیدرال و هەوڵدان بۆ پاراستنی بنەماسەرکیە نەگۆڕەکانی سیاسەتی کوردی لە ناوچەکەدا و بەرەوپێش بردنی، بەڵام هەندێ جار زۆر بەداخەوە چەند لێدوان و ئاخافتن دەبیستین کە دڵساردنی خاوبوونەوەیی لەشی بەدواوەیە، بەوشێوە لێك دەدرێنەوە کە بەرژەوەندیە تایبەتیەکان دەخرێنە پێش و بەرژەوەندیە گشتیەکان پشت گوێدەخرێن، لەوانە هاوکات لەگەڵ بەسوتفە کردنی کیمیابارانکرنی شەهیدانی هەڵەبجەو هاوکات خودی سەرۆك کۆمار و لەسەرزاری پارێزەری تاریق عەزیزی تاوانبار (بەدیع عارف) ڕایگەیاند کەبەڕێزیان زوو زوو دیاری بۆ تارق دەنێرێت و لەم ماوەیەدا جگەرەی کوبی بۆ ناردووە و پاشان بەڕێزیان ئاگاداری کردوون کە ئێمەی کورد کارەساتی هەڵەبجەمان لەیاد کردووە یان بیرچۆتەوە، ،

ئێمە دەڵێین کێ دەڵێ لە یادمان کردوە هەر ئەو کارەساتانە نەبوون ئەمڕۆی کوردیان دروست کردووە، هەر ئەوشەهیدانە نەبوون بوونە هێمای کورد وەك ئاڵایەك بەرزمان دەکردنەوە بۆ ئێستا بۆ تارق عەزیزێکی گەورە تاوانبار کە خۆیوو سەرکردەکانی تری بەعسی ئەو مەرگەساتانەیان بۆ دروست کردین بۆ ئێستا بەو ئاسانیە و بەبێ هیچ لێیان خۆشبین و لەبیریان بکەین چی بەدایکی شەهیدان دەلێین، ، ؟؟؟؟ لەلایەك دەبنە شەهیدانی سوتفەو لەلایەکی ترەوە لەبیر دەکرێن...

لێردەدا دەمەوێ بڵێم بەڕێزان ئەوانەی ئەمڕۆ سیاسەتی کورد دەسوڕێنن لە سەرکردایەتی و لایەنە سیاسی و پەڕلەمان و ڕێکخراوە مەدەنی و مرۆیی و جەماوەریەکانەوە باری کورد لە دۆخێکی ناسك دایە و دوژمنان هەمیشە لە پلاندانان و ئاژاوەگێریدان و دەبێ ووریا بین و بچوك ترین هەڵەی سیاسی بەرژەوەندیە کوردیەکان پاشدەکەون و خواستەکانمان پێشێل دەکرێن و بەتایبەتی ئەمڕۆ بەرژەوەندیە شۆڤێنیە عەرەبیەکان گەورەترین و ترسناك ترین هێڵی بەرگرین و دەبێ بەرووریایی کاریان لەگەڵدا بکرێت و پێویستە کورد هەمیشە دەنگ دلێرو سەربڵندو بڕوابەخۆبووبێ و کۆڵ نەدات..